# شیكردنەوەی چەند دەقێكی شیعریی بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی


پ. ی. د. شنۆ محەمەد مەحمود

كۆلێجی زمان – بەشی فارسی – زانكۆی سلێمانی


## پێشەكی


هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێكی دوای بونیادگەرییە لە ئەوروپا لە بواری هزری فەلسەفیو ئەدەبیدا كاری زۆری لەسەر كراوە. ئەم میتۆدە رەخنەییە كار لەسەر كنەكردنو توێكاری دەق دەكات تا بگاتە واتای نوێ. بە بۆچوونی ئەمان دەق واتای بێكۆتایی هەیەو كراوەیە لەبەر دیدی خوێنەردا. خوێنەر بەپێی پرەنسیپە سەرەكیەكانی ئەم میتۆدە لەوانە جیاوازیی (الاختلاف)، سەنتەری دەق دەتوانێت رۆ بچێتە ناو قوڵایی دەقەوە.

لە رەخنەی كوردیدا هەرچەندە ئەم میتۆدە بابەتێكی تازەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند توێژینەوەیەكی كەمی لەسەر كراوە، ئەم بابەتەی ئێمەیش توێژینەوەیەكی ئەكادیمییە بەوەی چەند دەقێكی شیعریمان بەپێی ئەم میتۆدە راڤە كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بنەماكانی ئەم میتۆدە ئەم راڤەكردنەی ئێمە دوا راڤەكردن نییە، بەڵكو باگراوندی رۆشنبیری خوێنەر بەپێی كاتو سەردەم واتای تر بەم دەقانە دەبەخشێت.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی رێبازی وەسفیو شیكاری كارمان كردووە، بابەتەكەش بەسەر دوو بەشی سەرەكیدا دابەشكراوە.


### بەشی یەكەم

### زاراوەو چەمك و پێناسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە زۆربەی زمانەكانو بەتایبەتی لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا لێكدانەوەو بۆچوونی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، نووسەرانو توێژەرانو وەرگێڕەكانیش زاراوەی جیاجیایان بۆ داناوە، ئەوانیش بەپێی شارەزاییو پاشخانی رۆشنبیری خۆیان



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەڵسوكەوتیان لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا كردووە، تا نزیكترین و زۆرترین مانای بێ كۆتایی بە دەق ببەخشێت. هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێكە لەدوای بونیادگەرییەوە سەریهەڵداوەو هەوڵی شیكردنەوەو توێكاریكردنی دەقە بۆ دۆزینەوەی واتای نوێ، هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆژەیەكی تازەی خوێندنەوەی بۆ دەقی ئەدەبی هەیە. هەڵوەشاندنەوەی دەقە لەناو خودی خۆیدا، بۆ دۆزینەوەی واتا شاراوەكانی ئەودیو وشەكان، خوێنەر هەوڵدەدات واتاو دەلالەتی نوێو بێ كۆتایی بەرهەم بهێنێت.

واتای فەرهەنگی وشەی هەڵوەشاندنەوە دروستكردنو بنیاتنانەوەی لەخۆگرتووە، بەڵام لە واتای زاراوەییدا هەڵوەشاندنەوەیە بەبێ ئەوەی بینا بكرێتەوە، ئەم زاراوەیە لە هەموو كایە مەعریفیەكانی دوای مۆدێرنەدا لە ئەدەبو فەلسەفەو زمانو یاساو زانستو مێژوو و تەلارسازیدا گرنگی پێدراوەو سوودی لێوەرگیراوە.

جاك دریدا (١٩٢٠ – ٢٠٠٤) فەیلەسوفی فەرەنسی دروستكەرو داهێنەری زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییە. هەڵوەشاندنەوە زاراوەیەكی گراماتیكیە (حەمە، ٢٠٠٢، ٢٩٠) كاتێك جاك دریدا پرۆژەكەی ڕاگەیاند، زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی داناو بەكاریهێنا ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو كە پێشتر ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسیدا هەبووەو لە ئینسكلۆپیدیاشدا بوونی هەبووە. ئەم زاراوەیە توانای هەڵگرتنی مانایەكی گراماتیكی مۆرفۆلۆژی بەخۆوە هەبووە، لە هەندێ دۆخدا هەڵگری مانایەكی تەكنیكی بووە. (حەسەن، ٢٠١٠، ٩)، بەهۆی ئەو تواناو وزەیەی لە هەناوی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا هەیە بۆ لەخۆگرتنی مانایەكی گراماتیكیو لێكدانەوەیەكی تەكنیكی فراوانو بێ كۆتایی، ئەمە وایكرد كە شۆڕببێتەوە بۆ ناو هەموو كەلێنو درزەكانی دەقەكانو دەلالەتی نوێ بەرهەم بهێنێت.

یەكێك لە گرنگترین ڕەگەزەكانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە یاساو ڕێساكانی زانستی لە نەبوونی كۆتو بەنددایە. (الجابری، ٢٠٠٥، ١٠١)

زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە زمانی فەرەنسیدا بە (Dēconstruction) دێت. لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە (Deconstruction) دێت (احمدی، ١٣٨٦، ٣٨٨)، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی تووشی فرە زاراوەیی بووە، بەهۆی بیرو بۆچوونی جیاوازی نووسەرانو رەخنەگرانو توێژەرانی بواری ئەدەبیەوە، لێرەدا هەندێكیان دەخەینە ڕوو:

لە زمانی عەرەبیدا لە بەرانبەر زاراوەی (Dēconstruction)دا زاراوەكانی (التفككیة، التقویضیة، التشریحیة) بەكارهاتووە (ساروبی، ٢٠٠٢، ١٠٧)

ئەم زاراوەیە گفتوگۆو وتووێژێكی زۆری لەلایەن نووسەرانەوە لەبارەوە كراوە، وەك (عبدالله غذامی، یوتیل یوسف عزیز، عبدالله إبراهیم، محمد مفتاح، سعید علوش، عبدالسلام المسدی، عبدالملك مرتاض، میجان الرویلی، سعد البازغی، محمد صالح الشطی) (الغذامی، ١٩٨٧، ٧١)، هەرچەندە نووسەران لە بەرانبەر زاراوە ئینگلیزییەكەدا (Deconstruction) زاراوەی (التفكیكیة)یان بەكارهێناوەو سەركەوتوو بووە، هەندێكی تریشیان بۆچوونیان وایە زاراوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەرەنسیەکەیش لەگەڵ (تفکیکیة) یەکدەگرنەوە لەڕووی واتاو شیکاریکردنی دەقەوە کۆک بوون لەسەر بەکارهێنانی. هەڵوەشاندنەوە وەک زاراوە ئەو واتایانەی لەخۆگرتووە (التهدیم = ڕماندن، التخریب = ڕوخاندن، التشریحیه = توێکاری) زیاتر بۆ شتی مادی بەکارهاتووە.

زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە زمانی فارسیدا بە (شالود شکنی) (مقدادی، ١٣٨٧، ٥٩٥) لە بەرانبەر زاراوە فەرەنسیەکەدا دانراوەو بەکارهێنراوە.

زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە زمانی کوردیدا توشی فرە زاراوەیی بووە، لە بەرانبەر (التفکیک)دا هەڵوەشاندنەوە بەکارهێنراوە، لەبەرانبەر (التفکیکیة)یشدا هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەکارهاتووە.

هەندێک لە توێژەرانیش لە زاراوە ئینگلیزییەکەوە (Deconstruction) وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە ئەویش زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەراییە، هەروەها زاراوەی (پێکهاتە هەڵوەشێن)یش لەلایەن (عبدالخالق یعقوبی)یەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە لە کتێبی (ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی – پێشەکییەک بۆ تیۆری، جارلز بریسلین) (یعقوبی، ٢٠٠٧، ١٤١)

زاراوەی (هەڵوەشێنگەری)یش لەلایەن (د.عارف حیتۆ) لە وتارێکیدا بەناوی (هەڵوەشێنگەری ژ فەلسەفێ بۆ ڕەخنە یا وێژەیی) (حیتۆ، ٢٠٠٥، ٧٨)

بەڵام زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا چەسپاو توێژەران بەکاریدەهێنن. هەرچەندە توێژەران و نووسەرانی کورد درەنگتر بەم چەمکە ئاشنابوون، بەڵام لە ڕەوتی ڕەوڕەوەی ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردیدا کاری پێکراوەو خۆی لە کاروانی پێشکەوتنی رەخنەی نوێی ئەدەبی جیهانی دانەبڕیوەو هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ ئاشنابوون بە چەمکە ڕەخنەییە نوێیەکانی دوای بونیادگەری بە وەرگێڕان بێت یاخود بە توێژینەوەو نووسین بێت، لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا لەو نووسەرانەیش (عبدالخالق یعقوبی، ڕێبین رسول إسماعیل، ئازاد حەمە، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، ئازاد سوبحی، ئازاد خدر، حەمەسعید حسن، بەختیار سەجادی، د.عارف حیتۆ، نەوزاد ئەحمەد اسود، هاشم سەراج، مسعود یایایی، ...هتد) بەکاریانهێنا. (حسن، ٢٠١٠، ١٧)

گۆڕانکارییەکانی جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆر بەخێرایی گوزەریان دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیان رووبدات، ئەدەبیاتیش لەو گۆڕانکاریانە بێبەش نەبووە، چەندان تیۆری نوێ هاتوونەتە ناو بواری ئەدەبیەوەو سەریانهەڵداوە، ئەمەیش وایکردووە کایەکانی مەعریفیش وەک پێویستیەکی لۆژیکیو هزریو هونەریو رۆشنبیری هەمیشەو لە ڕەوڕەوەی گۆڕانکاریو پێشکەوتنەکانی بەردەوامبێت، ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییش لە دەرهاویشتەی ئەو زەمینەو بارودۆخەوە هاتە ناو بواری رەخنەی ئەدەبیەوە بۆئەوەی جارێکیترو بە خوێندنەوەیەکیتر هەوڵی بزاوتن و جوڵە بخاتە دۆخێکی جێگیرەوەو بەرەو گۆڕینو لێکدانەوەی نوێی بێ کۆتایی ببات، لەناو رەخنەی فەرەنسیدا بزوتنەوەیەکی رەخنەی نوێ سەریهەڵداو وەک شۆڕشێک بەسەر هەموو کایەکانی فکرو مەعریفەدا.

جاک دریدا رەخنەگری فەرەنسی بە سەرئامەدو پێشەنگی ئەم بزوتنەوەیە دادەنرێت، جاک دریدا لە خانەوادەیەکی هەژارەو بۆ بنەچەی چینی مامناوەندی یەهودی رۆژهەلات دەگەرێتەوە، لە شاری (بیار) لە جەزائیر لەدایکبووە، (عطیة، ٢٠١٠، ٧)

رەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بریتیە لە ستراتیژیەتی نەخشەو دیزاینی سەردەم کە توانای رەتکردنەوەی یاساو رێنماییو رژێمەکانی پێش خۆی هەیە (کەریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٢٥)

هەڵوەشاندنەوگەرایی توانای رەتکردنەوەی پیرۆزیو یاساکانی پێش خۆی هەیە.

هەڵوەشاندنەوگەرایی لێکۆڵینەوەیە لە سیاقو تێکدانو هەڵوەشاندنەوەی ناوەوەی دەقو هەموو ئەو ماناو دەلالەتانەی کە سەرچاوەکەی لۆگۆسە، بەتایبەتی مانا حەقیقیەکانو راستەقینەکان هەوڵی خوێنەرە بۆ دۆزینەوەی مانا نادیارو نەوتراوەکانی وشەکان و ئەو پەیوەندییە هارمۆنیەی دروستیان کردووە، ئەمەشە دەقەکە بە کراوەیی بەجێدێڵێت و واتای بێ کۆتایی پێدەبەخشێت.

لە تێروانینی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە دەق خاوەنی یەک مەدلولی رەها نییە، ئامانجی ئەمان لێکۆڵینەوەیە لە بێ کۆتایی ماناکانو هەوڵی داهێنانو خوێندنەوەی داهێنەرانەی بەرهەمهێنەرە بۆ دەقی دیارو ئاشکرا (الاحمر، ٢٠١٠، ٣٣٥) بەم شێوەیە دەق لە واتایەک زیاتر هەڵدەگرێت لە هەناویداو بێ کۆتاییە لە ماناو ئەمەیش هەوڵی خوێنەری دەقە بۆ داهێنانی واتاو دەلالەتی نوێ بۆ نادیارەکانی ناو دەقەکە.

هەروەها چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی بەند ناکات و هەمیشە بەدوای مانا نادیارەکانی وشەکاندا دەگەرێتو هەوڵی کنەکردنیان بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ دەدات. ڤالێری دەڵێت: "هیچ مانایەکی راستەقینە لە دەقدا نییە" (ایکو، ١٩٩٦، ٧٢) دەق فرەواتایە بەپێی خوێنەرە جیاوازەکان و یەک واتاو دەلالەتی دیاریکراوی تێدا نیە، چونکە دەقەکان دەرگایان لەسەر بەرهەمهێنانی واتایەکی تاک نەکردۆتەوەو واتا بێکۆتاییە.

خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خوێندنەوەیەکی ئازادە (حر) لەسەر ئەو هزرەیە کە دەق واتایەکی جێگیری نییە، واتا کراوەیەو دیاریکراو نییەو بێکۆتاییە. (حجازی، ٢٠٠١، ١٥٥)

خوێندنەوەی جیاواز ئەوە دەسەلمێنێت کە دەق واتای سەقامگیرو بەندکراوی نیە، واتایش دیاریکراو نیە. هەڵوەشاندنەوەی دەق واتا دابەشکردنو جیاکردنەوەی رەگەزەکانی دەق لە یەکتری و سەرلەنوێ دانانەوەی لە چوارچێوەیەکی نوێدا، ئەرکە سەرەکییەکەی دەگۆرێت ئەو رەگەزانەی کە رۆڵێکی لاوەکی پێکدێت دەیکاتە سەرەکیو بەپێچەوانەیشەوە دەقەکە پێکدێت لە چەند رەگەزێک کە دژە لەگەڵ ئەو رەگەزانەی کە داهێنەرەکەی لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکردووە. (حجازی، ٢٠٠١، ٥٥)

کارکردن بۆ گەیشتن بەواتای نوێ دەق پارچە پارچە دەکات بۆ رەگەزە پێکهێنەرەکانو دووبارە رۆڵی واتای سەرەکیو لاوەکی نوێ بەرهەمدێنێت، بەپێچەوانەی واتای سەرەکی دەقەکە. ئەمەیش رۆڵێکی گرنگو سەرەکی دروست دەکات لە توانای بەرهەمهێنانەوەی دەلالەتی نوێو جیاوازو دژو پێچەوانەی بێکۆتایی. هەروەها رەخنەگری هەڵوەشاندنەوەگەرایی کار

لەسەر تێکدانی کۆدەنگی دەلالەتو متمانەی دەقەکان دەکات، گومانیش لەم سیستەمەدا والآکردنەوەی بوارە لە فرەواتایی، دەق دەبێتە مەیدانی جیاوازی واتا نەک پێکهاتن، مەیدانی جیاوازی نەک رێکەوتن، مەیدانی تەقاندنەوەی واتاکان نەک بەندکردنو دیاریکردن. (سعید، خطاب، ١٩٨٣، ٢٠٠٧، ١٨٥)

لەم سیستەمەدا بوار بۆ فرەواتایی و جیاوازی بیروبۆچوون و دۆزینەوەی وردی نوێی واتا والآیەو مەیدانی جیاوازیەکان زیاترە نەک رێکەوتنەکان و تەقاندنەوەی وزەی واتاکان بە کراوەیی دوور لە چوارچێوە گرتنو بەندکردنو سنوردانان.

ئەم زاراوەیە وا پێناسە کراوە "هەڵوەشاندنەوە لەڕووی زمانەوانیەوە واتە بەش بەشکردن کیانێکی لێکدراوی بڕاو، پاشان دووبارە لێکدانەوەی، هەروەک ئەوەی لە پێشوودا هەبووە، وەک هەڵوەشاندنەوەی پارچە پارچەی بزوێنەرێک یان پارچەکانی چەکێک لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوە بەمانای برزیوەدەی هەر بەشێک لەو شتەی کە هەڵوەشێنراوەتەوە". (مرتاض، ١٩٩٥، ٢٠١) واتە شیکردنەوەی کۆدەکانی دەقێک بۆ پارچە پارچەکانیو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بەواتایەکی جیاوازی بێ کۆتایی.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆسەیەکی ڕووتکردنەوەی دەقە، تا گەیشتن بە نهێنیە شاراوەکانو پیرۆزی لێدادەماڵێت. بەم تێگەیشتنە هەڵوەشاندنەوەگەرایی تەفروتوناکردنی کۆدەکانی دەقە بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، دواتر بەو پارچانە داهێنانێکی نوێتر دەخولقێنێت بەپێی جیهانبینیەکی تازەی پێچەوانە. (حسەین، ٢٠١٣، ٨٠)

هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆسەیەکە هەوڵی ئاشکراکردنی نهێنیەکانو شاراوەکانە، دەق لە پیرۆزیەکانی دادەماڵێت، هەروەها تێکدانی کۆدەکانی دەقە بۆ ئەو پارچانەی یان ئەو بەشانەی کە لێی پێکهاتووە، بۆ گەیشتن بەواتای نوێی داهێنراوی ناکۆتایی.

هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان میتۆدە رەخنەییە کلاسیکیەکانیان خستە ژێر نەشتەری رەخنەو هەروەها رەخنەشیان ئاراستەی میتۆدەکانی (بونیادگەریو سیمیۆلۆژیو شێوازگەری) کرد، چونکە ئەمانە زۆر زیادەڕەوییان لەناو دەقدا کردووە، هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان ئازادانە یاخیبوونیان لە دەسەڵاتی پێکهێنەرەکانی ناوەوەی دەقدا ڕاگەیاندو دەسەڵاتی تاکیان (خود)یان بەرزکردەوە، بەم شێوەیە ناکۆکییەک لەنێوان هەڵوەشاندنەوەگەرایی و میتۆدە کلاسیکیەکانو میتۆدی دەقدا هاتەکایەوە، لەکاتێکدا لە ستاتیکای دەقی ئەدەبی دەڕوانرێت. (تاوریت، راجح، ٢٠٠٨، ١٠)

هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵی خوێندنەوەی هەموو بەشەکانە کە دەقی لێ پێکهاتووە بەو ئامانجەی بگاتە مانا نادیارەکانی ئەودیو دالەکان و جارێکیتر خوڵقاندنی واتای نوێ لەو پێکهێنەرانەی دەقدا، ئەمەش بەپێی جیهانبینی نوێو جیاوازەوە هەوڵی دۆزینەوەی مانا نادیارەکانی نێو دەقەکە دەدات و داهێنانێکی نوێی واتا بەرهەم دێنێت.

سەرەتاو دەرکەوتنی ڕەگ و ڕیشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفە گریکییەکان، ئەم زاراوەیە ماتماتیکی و لۆجیکییەو لەپاش سەدو پەنجا ساڵ

بەشێوەی تیۆرێکی ئەدەبیو زمانەوانی لە مەیدانی رەخنەدا بە هەوڵو تێکۆشانی (جاک دریدا) بووژایەوەو گەڕایەوە مەیدانەکە. بەهۆی کۆنەخوازان لە فەرەنسا ئەم تیۆرە بەرەو دواوە رۆیشت، چونکە بانگەشەی کۆتایی دەقیان دەکرد، جاک دریدا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی تازە لەگەڵ لایەنگرانی بەرەو زەمینەی رۆشنبیری هەمەلایەنە لە ئەمریکا ڕۆیشتن، لە ئەمریکا قوتابخانەیەکیان تایبەت بە خۆیان پێکهێنا کە درێژەپێدەری فەرەنسیەکە بوو، ئەمەش بەشێوەیەکی گەشەپێدراوەو بوو بە قوتابخانەیەکی تایبەتی ئەمریکی لە کۆتاییداو لە رەگ و بنەچەی قوتابخانە فەرەنسییەکە دوورکەوتەوە. (الاحمر، ٢٠١٠، ٣٣٥)

لە ئەمریکا هەندێک لە رەخنەگرانی ئەدەب لە یەکەمین ئەوکەسانە دەژمێردرێن کە بایەخیان بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە سەرەتای ساڵی حەفتاکاندا داوە. کە کۆمەڵێک لەو رەخنەگرانە بریتین لە (هارولد بلۆم، پۆچینۆ دوناتق، پۆل دریمان، جیفری هارتمان، ج هیلیس میللر، جوزیف ریدل (حسین، ٢٠١٣، ٨٤)

دوابەدوای ئەمەش لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا کۆمەڵێکی بچووکی رەخنەگر لەوانەیش (شوشانا فیلمان، باربارا جونسون، چیفری میلمان) ئەمانەیش پێیان دەوترێت هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان و چەندانی تریش، ئەمانەش لە چەند زانکۆیەکدا بڵاوەیان کردووە، بەڵام جاک دریدا کەسایەتیە سەرەکیەکەیە کە رۆڵی لە پێکهێنانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمەریکیدا هەبووە، لەساڵی ١٩٦٦ز لە کۆنگرەی بونیادگەرییەکان کە لە زانکۆی (جۆن هوێکتن) ڕێکخرا، ڕەخنەی توندی ئاراستەی هزری بونیادگەری کرد، دوای ئەوساڵەش سێ کتێبی گرنگی بڵاوکردەوە، ئەوانیش دەربارەی زانستی نووسین (علم الكتابة)و کەلام و دیاردەکان (الكلام والظواهر) نووسین و جیاوازی (الكتابة والاختلاف)، کتێبی یەکەمیان هێرشی کردۆتە سەر بونیادگەریو کتێبی دووەمیان رەخنەی توندی ئاراستەی دیاردەگەرایی (هۆسرل) بوو، کتێبی سێیەمیان خۆی لە یانزە وتاردا دەبینێتەوەو هێرشی دەکردە سەر بونیادگەری و دیاردەگەرایی (البنيوية الظاهراتية) (الكومی، ٢٠٠٤، ٣١٣-٣١٤)

ئەم پرۆسەیە زیاتر جەخت لەسەر جووڵەی دەق دەکات بەپێچەوانەی بونیادگەرەکان بۆ دەرخستنی کۆدەکانی پارچە پێکهێنەرەکانی دەقەکەو مەدلوولی نوێی پێ ببەخشێت. دریدا پێی وایە جگەلەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە هەناوی بونیادگەرییەوە سەریهەڵداوە، هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەو هەموو تەنگەژەو گیروگرفتە نەکراوانەو ئەو ئاڵۆزییەی ڕاڤەو لێکدانەوەی بۆ نەکردووە، ئەمانە هەموو لەلایەن هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە چارەسەر دەکات و وەک پرۆسەیەکی دژ بە بونیادگەری کاردەکات و گەشە بە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە دەدات.

(هەڵوەشاندنەوە بە حوکمی ڕێکردنیو بەرەوپێشچوونی هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی بونیادگەریدا، لەهەمان کاتیشدا خۆی ئاراستەی باڵادەستی بونیادگەری کردووە) (صالح، ١٩٨٨، ١٠٩-١١٠) هەر بەم پێیەی کە هەڵوەشاندنەوە وەک دەستەواژەیەکی میتافۆری سەرکەوتوو دەرکەوتووە، لەڕووی توانای هەڵگرتنی فرەواتاییەوە، بەتایبەتی لای بیرمەندانو فەیلەسوفان خۆی بەرەوپێشەوە بردووە، لە خستنەڕووی راستیەکەوە سەبارەت بە نزیکبوونەوەی چەمک و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە لە دەستەواژەی وێرانکاری هایدگەر (١٨٨٩ - ١٩٧٦)ەوە، دریدا لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بەناونیشانی (لەبارەی روح، هایدگەرو پرسیار) خۆی دەڵێت: لەبەرانبەر واژەی (Destruktion)ی ئەڵمانی، کە هایدگەر بەکاریهێناوە، سودی لە دەستەواژەی هەڵوەشاندنەوە وەرگرتووە. (احمدی، ١٣٨٦، ٤٣٧)

بەم پێیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەراوردکردنێکی فەلسەفی دەقە، تیۆرێکی دوای بونیادگەرییە، بەڵام واتای ئەوە نیە کە جێگرەوەی بونیادگەری بێت، بەڵام سود لە سیستەمی شیکردنەوەکەی وەردەگرێت، لە فەرەنسا لەسەر دەستی جاک دریدا پەرەی سەند، دەتوانین بڵێین وەک میتۆدێک بۆ خوێندنەوەی دەق بەکاریهێنا، جاک دریدا خۆیشی دان بەوەدا دەنێت کە لەژێر کاریگەری فەیلەسوفەکانی پێش خۆیدایە، لەوانەیش (کانت، نیتشە، هۆسرل) (بشبندر، ١٩٩٦، ٧٥)

هەڵوەشاندنەوەگەرایی پرۆژەیەکە زۆر نزیکە لە هزری فەلسەفییەوە بە کلتورو هزری رۆژئاواوە لکاوە، هەڵوەشاندنەوەگەرایی خۆی ئەوە رەتدەکاتەوە کە رێبازێک یان تیۆرێک یان قوتابخانەیەک بێت، چونکە ئەم پرەنسیپە لەسەرەتادا ئامادەنەبوونی واتا بەلاوە دەنێتو رەتی دەکاتەوە.

هەڵوەشاندنەوەگەرایی یاخیبوونێکیشە لەڕووی بونیادگەریدا، چونکە بونیادگەراییەکان کۆششیان کردووە بۆئەوەی دەستبگرن بەسەر دەلالەتەکانی ناو دەقدا پشتیان بە زمان بەستووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەگەرایی جەخت لە ناکۆتایی دەلالەت لە دەقدا دەکاتەوە، بڕوای وایە کە خوێنەر بەرهەمهێنەری دەلالەت و واتایە. هەوڵی نوێبوونەوەی خۆی دەدات لەبەرانبەر ئەو داخرانەی یان ئەو سنووردانانەی کە بونیادگەراییەکان هەوڵی بانگەشەیان بۆ دەدا. (بارە ٢٠٠٨، ١٠٩)، نوێبوونەوە هیچ کات داخراوو سنووردانراو نییە، چونکە هەموو تێڕوانینو چەمکو پرەنسیپەکانی بەردەوام لە نوێبوونەوەو گۆڕاندایە. بەم پێیە هەڵوەشاندنەوەی دەقی ئەدەبی خوێندنەوەیەکی فراوانە، خوێندنەوەیەکە لە گۆڕاندایە بەپێی قۆناغەکانی مێژوو و رۆشنبیری ئەوسەردەمەی کە خوێنەری تیا دەژی، واتای دەق بەپێی ئەم چەمکە واتایەکی بێ کۆتاییە، واتایەکی کراوەیە پەیوەستە بە کاتو مێژووی ئەوکاتەی خوێنەرەکەی تیا دەژی، ئەرکی خوێنەر لێرەدا دۆزینەوەی دەق نییە، سەرلەنوێ نووسینەوەیەتی. (حجازی، ٢٠٠١، ٤٦) (خوێنەریش هەردەم دەبێت گومانی هەبێت کە لە دەقێکداو لە دێڕەکانیدا مانایەکی پەنهانو نادیار خۆی مەڵاس دابێت) (ایکو، ١٩٩٢، ٩٥)

**بنەماکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە لای (جاک دریدا):**

١) هەڵوەشاندنەوەی هزری رۆژئاوای و رەخنەگرتن لێی بەوەی هزرێکە بە دەوروبەری عەقڵدا چڕبۆتەوە.

٢) ئیدانەکردنی هزری ڕۆژئاوایی بەوەی سەنتەرەکەی دەسەڵاتی دەنگە.

٣) بانگەشەکردن بۆ لامەرکەزیەت، واتە لامەرکەزیەتی عەقڵ و دەنگ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤) بانگەشەکردن بۆ جێگیرکردنی زانستی نووسین (علم الكتابة) وەک ئەلتەرناتیڤێکی گوتاری زارەکی (الخطاب الشفهی) (محمد، ٢٠٠٩، ٥٩)

(دریدا) بەم شێوەیە میتۆدی بونیادگەری رەت دەکاتەوە، چونکە خۆی پابەندی زمانو دەنگ کردووە. بەپێچەوانەوە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەسەر پرەنسیپی سەقامگیری (الثبات) خۆی بونیاد نانێت، هەروەها بەپێی سەنتەرێکی دیاریکراویش هەنگاو نانێت، پاشکەوتنی بونیادگەری لە سەرنەکەوتنیدایە، لەمەڕ دیاریکردنی گشت بزاوتی بابەتەکانیدایە (حسین، ٢٠١٣، ٨٥)، بەم شێوەیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەوڵی خوێنەری بەرز نرخان لە واتا پێدانی سەرلەنوێی دالەکانداو گرنگی بە پێگەی کاریگەری خوێنەر دەدات.

بەڵام لەڕوانگەی بونیادگەراییەکانەوە ئەمە پێچەوانەیە بەوەی کە ئەوان (پێداگریان لەسەر بابەتی بونیاد لە سیستمدا بەرەو چەند مەدلولێکی کۆتایی بردن، سەرەڕای ئەمانەیش بایەخ نەدانیان بە خوێنەر یەکێکیتر بووە لە شکستەکانیان، بە بۆچوونی ئەوان دەق واتا دەدات بە خوێنەر، لەهەمان کاتدا دەق ڕۆڵی بکەرو تەواوکەری ڕاستەوخۆیش دەبینێت، بەدەستهێنانی واتا لە ڕوانگەی بونیادگەری لای خوێنەر پابەندە بەوەی کە پێکهاتەو سیستم و بزاوتی بونیادەکە لە سیستمو پێکهاتەکانی چی بە دەق دەبەخشن). (محمد، ٢٠٠٩، ٦١)

دەستکەوتە رەخنەییەکانی پرۆژەکەی (دریدا) لەبارەی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە بریتیە لە:

١. جیاوازی (الاختلاف) Difference

٢. رەخنە لە سەنتەرگەرایی (نقد التمركز) Critique of Centricity

٣. یاری دال یاخود دالی عائم (لعبة الدال أو الدال العائم) Theory of Play Grammatology

٤. زانستی نووسین

٥. ئامادەو نائامادەیی (الحضور والغیاب) Presence and Absence

وا دەردەکەوێت کە هەموو شت لە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا ناهەمیشەییە، چونکە هەموو پێکهاتەکان بونیادەکان لە دۆخێکی بەردەوامی ناکۆتاییانو ئەوەش ئەنجامی داڕوخانی نموونەیی مرۆڤایەتیو ڕەتکردنەوەی ترادیسیۆنی داهێنانی بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتییە بەرانبەر بە دەق لەهەمانکاتدا بێباوەڕییە بە ڕاستی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی سەقامگیرییە (محمد، ٢٠٠٩، ٦١) میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنەی بووەوە، کە دەقەکە بەواتایەکی زۆر لەلایەن خوێنەرەوە بەواتای خۆی باردەکرێت.

د.عماد حسین دەڵێت: "هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەسەڵاتی بە خوێنەری دەق نەداوە کە واتا لەناو دەقدا دروست بکات، یان ئەو واتایەی خوێنەر پەیوەندی بە دەقەکەوە نەبێت لە هیچ ڕوویەکەوە. بەڵکو مەبەست لە ناکۆتایی مانا ئەوەیە خوێنەر چەند مانایەک دەوروژێنێتو دەیدات بە دەقەکە، بەڵام واتا نوێیەکانیش هەر ئیجا لە دەقەکەوە وەردەگرن، چونکە دال چەندین واتای هەیەو یەک واتای نیە تا لەسەری بوەستین" (محمد، ٢٠٠٩، ٨٠)

بەم شێوەیە پێویستە خوێنەر ئەو واتایانەی لە دەقەکەوە دەیگاتێ پەیوەندی بە واتای بنەڕەتی دەقەکەوە هەبێتو ڕایەڵەیەکی پەیوەندی واتاو دەقەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، (خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی خوێندنەوەیەکی دووسەرەیە، هەوڵ دەدات بۆ خوێندنەوەیەکی یەکەمی (تقلیدی) دەقەکە بۆ دیاریکردنی واتا دیارەکەی، لە دوایدا ئەو واتایەی کە بەدەستیهێناوە جارێکیتر هەڵیدەوەشێنێتەوە بۆیە بە خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی یەکەمە، تا دروستکردنی بۆشاییەک یان کەلێنێک بۆ دیاریکردنی واتای یەکەم و واتای نادیاری دەقەکەدا. هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەموو فەلسەفە رۆژئاواییەکان بە پرۆژەی خوێندنەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەیش لە واتای جێگیرو ڕاستی زانستیو شوناسو هۆشیاریدا دەردەکەوێت. ئەمەیش هەموو گوتاری فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. دریدایش لەژێر کاریگەری فەیلەسوفانی وەک (نیتشە) و (هایدگەر)دا بووەو تێیشی پەڕاندوون لە هەندێ جاردا، دریدا پێی وایە هزری رۆژئاوا لەسەر دوالیزمی دوژمنکارانەی وەک دوالیزمی عەقڵ و جەستە، عەقڵ و سۆز، پیاوو ژن، زارەکیو نووسین دامەزراوە. لە دوالیزمەکانیشدا گرنگی بە لایەنی یەکەم دراوەو دووەم فەرامۆشکراوە، دریدا ئەمەی ناوناوە (سەنتەریزمی لۆجیکی)، بەواتای سەنتەریزمی وشەو قسە دێت) (الرويلي، ٢٠٠٢، ١٠٨)

**پرنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی**

١) **جیاوازییەکان** (Difference):

جیاوازییەکان دەرگای چەندین ڕاڤەکردن والا دەکەن، (جیاوازییەکان خۆیان نابەستنەوە بەمانایەکی دیاریکراوو وەرگر چەندین گریمانە دەخاتە ڕوو ئەمەش وا لە وەرگر دەکات کە بەتەواوی بچێتە ناو دەقەکەوە، لەهەمان کاتدا ببێتە دەسەڵاتو بەرپرسێکی سەرەکی دەقەکە) (کریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٣٦)

بەم شێوەیە جیاوازییەکان خۆیان بە واتا گشتیەکانەوە بەند ناکەن، بەڵکو لەلایەکی تریشەوە بەدوای مانای تایبەتیشدا وێڵن. (دریدا لەم خاڵەوە بە هەتاهەتایی و رەهایی لۆگۆس و ئیحتیوای میتافیزیکی کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر بیری رۆژئاوادا پیادە کردبوو رەتدەکاتەوەو داوادەکات ئەو فەلسەفەیەی کە کرۆکەکەی ئامادەبوونەو عەقڵ سەرمەشقێتی جیابکرێتەوە، نهێنیەکەیشی تەنگژەی بیری ڕۆژئاوایە کە پشت بە تیشکۆی (بۆرە) سەرەکی دەبەستێت وەک ڕەچەڵەکی مرۆڤ رەگەزەکانی تر پەراوێز دەخات و دەکەوێتە راستییەکی واهیمەدارەوە) (حسین، ٢٠١٣، ٨٩) هەروەها بە بۆچوونی دریدا واتای واتاکان هۆکارێکی سەرەکی دەرکەوتنی جیاوازییەکانە، بۆ نموونە بچووکترین یەکەی دەق کە دەنگی پیتو وشەکەیە، دەچێتە ناو بەرنامەی جیاوازییەکانو دەکرێت وشەیەک زۆرجار هەڵگری چەندان سیمای واتایی ڕەوانبێژیو هێماییو ئاماژەیی بێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢) سەنتەریزم (چەقێتی):**

سەنتەریزمی دەنگ و سەنتەریزمی وشە.

لێرەدا دەچینە ناو بابەتی دەقەوە (بابەتی دەق بریتیە لە چەقی دەق، واتە هەر دەقەو خاوەن چەقێکی بابەتیە کە بەلای دریداوە جێگەیەکی هەرە گرنگی دەقە وەک ئەوەی دەق بەبێ چەق پرۆژەکەی پێ دروست ناکرێت، بەڵام چەقێتی بریتیە لە دەوڵەمەندکردن‌و هەڵسوڕانی چەق بەمەیش چەق ڕۆڵی دەسەڵاتێک دەبینێت، چەقێتیش رۆڵی باڵادەستی، واتە لەکاتێکدا چەق بابەتێک دەکاتە تەوەری باسەکەی ئەوا چەقێتی لەلایەکەوە پشتگیری لەو دامەزراندنە دەکات، لەلایەکی تریشەوە وەک کارێکی سەرچاوەی بابەتی دامەزراندنەکە دەوڵەمەند دەکات‌و لێرەشەوە کاریگەرییەکان لەسەر دەقەکە پەیدا دەبێت) (کریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٤٢) لێرەدا چەق و چەقێتیش هەردووکیان بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە دامەزراون.

(دریدا وای بۆ دەچێت کە پەیوەندی دەنگ و وشە بە سەنتەریزمی عەقڵی مرۆڤی رۆژئاوا ڕوکردنە دەسەڵات‌و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ جیاوازییەتی هەستی‌و ناهەستی، لێرەدا نرخ بۆ وشە دەبێت، ئەوەکانی تر فەرامۆش دەکرێت، ئاراستەکردنی بەلای وشەو جەخت کردن لەسەر سەنتەریزمی لەژێر ناوی ئاماژەپێکەری ناویی (دال اسمی) کۆتاییەکەیش ئاماژەپێکراوی ناوییە(مدلول اسمی)). (ساروبی، ٢٠٠٣، ٥٦)

ئەگەر چەق بابەتێک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەوا چەقێتیش ئەوە قبوڵ ناکات لەسەروی ئەو بابەتەوە چەند بابەتێکی لاوەکی دروست دەکات کە لە دوایدا ئەم بابەتە لاوەکیانەیش پێ دەنێتە قۆناغی بابەتی سەرەکییەوە، لە دوایدا جیاکردنەوەیان ئاسان نابێت. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ڕەتکردنەوەی یەک بابەتییە لە دەقێکدا، بەڵام لە دەقدا بەهۆی ململانێی نێوان چەق و چەقێتییەوە چەندین بابەتی تر دێنە ناوەوە.

**٣) نووسین یان (زانستی نووسین):**

زانستی نووسین بریتیە لە گواستنەوەی وێنەیەک بۆ وێنەیەکر تر، جیاواز لە ڕووخسارو هاوشێوە لە ناوەڕۆکدا، لەلایەکی ترەوە زانستی نووسین بایەخ بە چەمکی قسەی وتراو زیاتر لە قسەی نووسراو دەدات، چونکە قسەی وتراو هەمیشە کات ئامادەیەو بەرپرسیارێتی زەمەنی دەق لەخۆدەگرێت، مەرج نییە لەپشت هەموو نووسراوێکەوە ڕژێمێکی مەعریفی و فیکری‌و داهێنان هەبێت. (کریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٥٧)

لە نووسیندا بابەت‌و ماناکان زیاتر قوڵ دەبنەوەو کورتتر دەبنەوە، دەق نووس هەوڵی داوە مانایەک لە مانایەکی تر بەرهەم بهێنێت.

(نووسین – جیاوازی – دواخستن) (الاختلاف، الارجاع) ئەمە ئەو سێ بنەمایەیە کە (جاک دریدا) دایهێناون جەخت لەسەر شێواندنی کپی مێژین دەکەن، نووسین لای دریدا چەمکی ترادیسیۆنی و باو ناگەیەنێت، (پیت) یاخود نەخشی بینراو، نووسین دەبێت بە سەنتەر، تا پێش قسەکردن بکەوێت‌و بچێتە گفتوگۆیەکی ئاشتیخوازانەوە لەگەڵ زماندا. (حسین، ٢٠١٣، ٩١)

هەر لەبەرئەمەشە بۆ بەرجەستەکردنی رژێمە مەعریفیەکان باشتر وایە زیاتر پشت بە قسەی وتراو ببەسترێتو بەوپێیەی مەبەستێتی دەقو ڕاستگۆییەکەی زیاتر لە قسەی وتراو بەدەردەکەوێت، لەلایەکی ترەوە قسەی وتراو بوارێکی باش لەبەردەم ڕاڤەکردن دەڕەخسێنێت، چونکە لە نزیکەوە تاکەکان بەشدارن و لەهەمان کاتدا دەتوانن دایەلۆگ و ئارگیومێنت لەسەر قسە وتراوەکە بکەن. (کریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٥٧)

**٤) گەمەی ماناکان:**

لە هەڵوەشاندنەوەگەراییدا گەمەی ماناکان بریتیە لە سەرکوتکردنی رژێمە مەعریفیو تەقلیدییە سەرپێییە راستەوخۆکان، لەجیاتی ئەمە بەدوای سەرچاوەو سەرچاوەلێگرتنە قوڵەکاندا دەگەڕێت واتە دەق بەشێوە ناڕاستەوخۆکەی پێکهاتووە لە چەندین دژە واتاو گرژیو ئامادەبوونو ئامادەنەبوونو هێماو ئاماژەی جۆراوجۆر. (کریم، مەستی، ٢٠١٧، ١٥٤)

بەمشێوەیە دەق جگە لە واتا ڕووکەشە سادەکەی پڕە لە واتای تر کە خۆی شاردۆتەوە، ئەمەیش بریتیە لە دەمامک و ئاماژەو دژەواتاو گرژیو واتای ئامادەو نائامادە، کە پێویستە خوێنەر ڕۆبچێتە ناو قوڵایی دەقەکەوەو بچێتە ناو گەمەی ماناکانەوە، ئەمەیش پێویستی بە وشیاری تاکو باکگراوندی ڕۆشنبیری کەسەکانەوە هەیە، تا ئاستی رۆشنبیریو هزری کەسەکان لەم ڕووەوە بەرزترو فراوان بێت، ئەوکات زیاتر گەمەی ماناکان دەدۆزینەوەو دەردەکەون، گەمەی ماناکان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی هونەری و تەکنیکی.

**بەشی دووەم**

**شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی**

لێرەوە دەچینە ناو خوێندنەوەی دەقەکانەوە، ئەمەیش بۆخۆی شێوازێکی تری نووسینە، کاتێک خوێنەر دەقێک دەخوێنێتەوە کاری سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەودەقەیە، بەوەی بەرهەمی دێنێتەوە، پێویستە خوێندنەوەکە داهێنەرانە بێتو ڕۆبچێتە ناو هەموو درزو کەلێنێکی دەقەکەو ئەو واتایانەی کە دیار نین و خۆیان حەشارداوە لەودویو وشەکانەوە، خوێنەر بەهۆی بەرزی ئاستی رۆشنبیریو فیکری جارێکیتر واتای نوێ بخولقێنێتو ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە دوا واتا بێت، بەڵکو هەر خوێنەرێک واتایەکی نائامادە بەرهەم دێنێتەوە، بەم شێوەیە واتا ناکۆتاییە لەلای هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان، چونکە ئەمان باوەڕیان وایە تەنیا ئەو واتا دیارو سادەیەی کە لە واتای فەرهەنگی وشەکانەوە دەبینرێت کۆتایی نییە، بەڵکو دەگەڕێین بەدوای واتای تری دژدا، چونکە واتای کۆتاییەو (بە بۆچوونی دریدا) واتا دواخراوی (تأجیل) پێویستە پێی بگەیت، بەڵام گەیشتن بەیەک واتا هەمیشە ڕوونادات، هەمیشە واتا بۆ بەرژەوەندی واتایەکی تر هەڵوەشاوەتەوە، ئەمەیش خۆی لە زنجیرەیەک ڕاڤەو بەدواداچووندا دەبینێتەوە. (قصاب، ٢٠٠٧، ١٩٩-٢٠٠)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

بەهار لەگەڵ شیعردا رێک ناکەوێ
لە بەهاردا شیعر زەوق و زووپ ئەنوێنێ
زوو خۆی ئەدا بەدەستەوە،
بەهار لەگەڵ شیعردا ناگونجێ،
ئەوە تەنها هەر پاییزە
وا لە شیعر ئەکا کە درەنگ درەنگ دەرکەوێ
کە دەریش کەوت،
هەزار هەزار لێکدانەوە
بۆ ئەو دەرکەوتنەی بکرێ!

شێرکۆ بێکەس، خێراکە مردن خەریکە بگات!، ل١٤٤

ئەگەر بڕوانینە ئەم کۆپلەیەی دەقی (ئادان)و بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی شیکردنەوەی بۆ بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین لەناو دەقەکەدا هەست بەواتای دیارو نادیار دەکەین. واتا دیارەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە شاعیر چۆتە ئاستی شیعرییەتەوە کاتێک مامەڵە لەگەڵ هەردوو وەرزی بەهارو پاییز دەکات لە روانگەی شاعیرەوە داهێنان لە ساتەوەختی خۆشیدا نابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەشبینیو دڵتەنگی کە بە وەرزی پاییز گوزارشتی لێکراوە سەرچاوەی داهێنانە. لە روانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە دەق واتای جۆراوجۆر دەبەخشێت بەپێی ژینگەو زەمەنو باگراوندی رۆشنبیری خوێنەر گۆڕانکاری بەسەردا دێت، واتە دەق کراوەیەو کۆتا واتای نییە هەتا خودی شاعیر شێرکۆ بێکەس لە چاوپێکەوتنێکدا لەسەر کتێبی (ئێستا کچێک نیشتمانمە) دەڵێت: ئەم بەرهەمەم هەڵوەشاندنەوەی چەمکی نیشتمانە کە لە بەرهەمەکانی پێشودا شەیدای بووم.

ئەگەر لە روانگەی جیاوازیەکان (الاختلاف) کە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی جارێکی تر بڕوانینە دەقەکە ئەوا دەڵێین بەهار هەر تەنها گوزارشت لە واتا فەرهەنگییەکە ناکات، واتە لێرەدا بەهارو پاییز دالن، بەڵام مەدلولاتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، کە خوێنەر بەپێی باگراوندی رۆشنبیری راڤەی دەکات، واتە دەتوانێت بڵێین بەهار، کەسە، وڵاتە، شوێنە، خۆشیە، شادیە، زەمەنە، وشەیە، زمانە، هزرە، فەلسەفەیە، تادوایی، پاییز، غەمە، رووتیە، بێکەسیە، داهێنانە، تەقینەوەیە، ئافرەتە، تاد. لە روانگەی ئەمانەوە واتای کۆتایی لە دەقدا نییە. واتە خوێنەر دەتوانێت واتای فەرهەنگی داڵدەکان هەڵوەشێنێتەوەو واتای تر بە دەقەکە ببەخشێت.

ئەگەر لە روانگەی سەنتەری دەقەوە کە یەکێکە لە بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەوا دەبینین سەنتەر لە دەقەکەدا پارێزراو نییە، بەڵکو بزاوتنی جیوەیی هەیە، جارێک، بایە، جارێکی تر مێژووە، جارێکی تر وەرزە، بە پاییزو بەهارەوە تا جارێکیش ژنە تا دەگاتە مانگ.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی (دوکەڵ)دا دەڵێت:

من لەسەر دڵی بولبولێ،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

توترکێ بوو بە نەیارم
من لەسەر لقی درەختێ،
تەورێ هاتە سرە نزارم
لە دواییشدا،
من لەسەر ئازادیی ژنێ
هەرچی خێلی چەقۆ هەیە،
پەلاماری شیعریان دام و
لەو رۆژەوە،
دووکەڵی ناو مێژوویەکی
تارومارم!

شێرکۆ بێکەس، خێراکە مردن خەریکە بگات!، ل١٦٩

ئەگەر لە روانگەی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە ئەم دەقە شیبکەینەوە ئەوا واتای دیارو نادیار هەیە، واتا دیارەکان لە واتای فەرهەنگیەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام بەپێی پرەنسیپی جیاوازی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەقەکە واتای تر لەخۆدەگرێت، دەتوانین بڵێین بولبول دالە، بەڵام مەدلولەکان بەپێی باگراوندی خوێنەر دەگۆڕێن، دەکرێ بولبول، نیشتمان، خۆشەویست، ئارەزوو، کێشە، فەلسەفە، کەس، تاک، کۆ، تا کۆتایی بێت. هەروەها مەدلولەکانی تەورو درەخت دیسان واتای جۆراوجۆر دەگەیەنن، هەروەها دەتوانین راڤەی جۆراوجۆر بۆ خێلی چەقۆ بکەین کە چەند مەدلولێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، دەتوانین بڵێین ئەم راڤەکردنەوەی ئێمەیش دوا راڤەکردن نابێت. هەروەها بەپێی سەنتەری دەقیش دەقەکە سەنتەرێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو پەل دەهاوێژێت بۆ چەند تەورێکی جیاواز لەوانە: بولبول، درەخت، تەور، ئازادی، ژن، مێژوو، کەواتە سەنتەرەکە بزاوتێکی جیوەیی هەبە.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی (ئاوی شیعری جوان)دا دەڵێت:

هەموو جارێ
دوای دوا دیوان
دوای ئەوەی وەک
حەوزێکی خاڵی حەپەساو،
خەریکم بۆ قەترە شیعرێ
سوێم بێتەوە
من ئەوساکە
ئەی ژنەکە!
لە هەر شوێنێ بم... ئەبێ هەر
بگەڕێمەوە بۆ لای تۆ،
تۆ تەنها ئاسمانی منی،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

که بەسەرما دابکەیت و
دیسانەوە
پڕمکەیتەوە لە ئاوی
شیعری جوان جوان!

شێرکۆ بێکەس، خێراکە مردن خەریکە بگات!، ل ١٧٠

ئەگەر لە روانگەی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە بڕوانینە ئەم دەقە ئەوا دەڵێین دال ژنە، بەڵام مەدلول جیاوازە، هەمەڕەنگە، لێرەدا دەتوانین بڵێین ژن بریتیە لە: نیشتمان، خۆشەویست، هزر، فەلسەفە، ئایین، رەوشت، کەسایەتی، رۆح، لەش، جەستە...تاد. لێرەدا سەنتەری دەقەکە سەقامگیرە واتە بزاوتێکی جیوەیی نیە ئەویش دالی ژنە.

لە روانگەی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە ئەمەش دوا واتاو دوامەبەست نیە واتە لێرەدا دەقەکە کراوەیە بەوەی دان بە دوا واتایدا نانێت.

لە دەقی (رەوتی کۆتاییدا) لە کۆپلەیەکدا شێرکۆ دەڵێت:

شەوێک بەدیار گۆمێکەوە هەڵتروشکام
لە دواییدا ئەوەی کە گۆم فێری کردم،
بێدەنگی بوو
شەوێکی تر
بەدیار زامی غەدرێکەوە دانیشتبووم،
لە دواییدا ئەوەی کە زام فێری کردم
تەواو دژی بێدەنگی بوو!

شێرکۆ بێکەس، خێراکە مردن خەریکە بگات!، ل ٣٦٤

ئەم دەقە چۆتە ئاستێکی بەرزی شیعریەتەوە، جۆرە دوالیزمێکی تێدا دەبینرێت، دالەکان واتای دیاری شیعرەکەن، بەڵام مەدلولەکان جیاوازن، واتە دەکرێ بەپێی پرەنسیپی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کە جیاوازییە مەدلولە جیاوازەکان بخوێنینەوە. دەڵێین مەدلولی گۆمەکان جیاوازە، واتای فرە رەهەند دەگەیەنێت، دەکرێت ئەم واتایانە ببەخشێت: هزر، فەلسەفە، ئایین، خۆشەویستی، رەشبینی، روخاندن، بێ عەدالەتی، ستەم، گەندەڵی، چینایەتی، غەم، حەسرەت، مردن، ژیان...تاد. سەنتەری دەقەکە سەقامگیر نییەو لە بزاوتێکی خێرادایەو بەدەوری تاک واتادا ناسوڕێتەوە بۆ نموونە، هزر، زیندانی ئەبوغرێب، مەولانا، سوریای ئێستا، کامەران و هەردی بە ئینجانەکەی عومەری مەکتەبە کۆتایی دێت.

لەتیف هەڵمەت لە دەقی (جا رەشەبا چی لەدەست دێ؟)دا دەڵێت:


جا رەشەبا چی لەدەس دێ؟
ئەگەر دارەکان بشکێنێ
خۆ رەگەکان هەر دەمێنێ
جا رەشەبا چی لەدەس دێ؟


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گەر خانووەکان بڕوخێنێ
ئێ خۆ زەوی هەر دەمێنێ
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
گەر چراکان بخنکێنێ
خۆر دەمێنێ
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
بۆ ئەتوانێ خۆشەویستی دڵدارەکان هەڵوەرێنێ؟
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
بۆ ئەتوانێ بەستەی ناخی ئەم سەدەیە
بخنکێنێ؟


دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل٩٨


دەکرێ ئەم دەقە بەپێی میتۆدی جۆراوجۆر بخوێنرێتەوە، یاخود بەپێی میتۆدی گشتگیری کاری لەسەر بکرێت، ڕەوانبێژیو وێنەی جوان و زمانی شیعری تێدا بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا شیکردنەوەی دەقەکەیە بەپێی پرەنسیپەکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، بەتایبەت پرەنسیپی جیاوازی (الاختلاف) کە تێیدا دەق واتای جیاواز هەڵدەگرێتو لەهەمان کاتیشدا دەقەکە کراوەیەو واتای کۆتایی نییە، وشەکانی ڕەشەبا، دار، ڕەگ، خانوو، روخاندن، چراکان، خنکاندن، خۆر، دڵدار، هەڵوەرین، ناخ، سەدە، ..تاد. ڕاستە ئەمانە وشەی فەرهەنگینو دالی دەقەکەن، بەڵام هەریەکەیان چەندین مەدلولی جیاواز هەڵدەگرێت لەهەمانکاتیشدا باکگراوندی خوێنەریش واتای تریان دەخەنە سەر، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەی خوێنەریش دوا واتا نییە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین:





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




بۆ وشەکانی تریش مەدلولەکان واتای جیاواز هەڵدەگرن.

بەپێی سەنتەریزمی دەق کە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێرەدا سەنتەری دەق پێچەوانەی بنەماکانی میتۆدەکەیە بەوەی ئەم میتۆدە جەخت لەسەر فرە سەنتەریزم دەکات، واتە لێرەدا سەنتەر سەقامگیری خۆی لە وشەی (رەشەبا)دا دەبینێتەوە.

لەتیف هەڵمەت لە دەقی (لافاو)دا دەڵێت:


هەندێ وشە کە پروقان
ئیتر هەرگیزاو هەرگیز
ناکەونە سەر زمان
هەندێ ماچ هەن کە بوون بە تەم
چەند لێژن هەرگیز ناگەنە دەم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەندێ دڵ هەن کە شکان
ئیتر هەرگیز نە ئەوینێک تیا بەن دەبێ و
نە خەندەی جوان
هەندێ چەم هەن کە هەڵیان کرد
نە کێو بەریان لێ دەبەستێ و
نە هەزاران بەربەست و پرد.

دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل١١٧

لەم دەقەدا شاعیر هونەریانە مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، وێنەو لادانی جیاوازی تێدا دەبینرێت، لە زمانی فەرهەنگییەوە بۆ زمانی خوازەییو وێنەی شیعری رەنگاوڕەنگ، واتای ئامادەو نائامادەی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا کۆتا واتا نییە، ئەگەر لە روانگەی میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە ئەم دەقە شیبکەینەوە بەپێی بنەمای جیاوازی (الاختلاف) ئەوا ئەم دالانە: وشە، زمان، ماچ، تەم، لێژ، دەم، دڵ، شکان، ئەوین، خەندە، جوان، چەم، کێو، بەربەست، پرد مەدلولی جیاواز لەخۆدەگرن، لەهەمانکاتیشدا خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێ، بۆ نموونە:





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەنتەری ئەم دەقە سەقامگیر نییە بزاوتێکی جیوەیی هەیە، بۆ نموونە خۆی لەم وشانەدا دەبینێتەوە:

وشە
↓
ماچ
↓
دڵ ← سەنتەری دەق
↓
چەم

بە بۆچوونی هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان هێشتا لەناو دەقدا بۆشاییو واتای نادیار هەیە، واتە واتای کۆتایی لە دەقدا نییە.

ئەنوەر قادر محمد لە دەقێکدا دەڵێت:


کاتێ بە داسی تیژی رقی سوور
دروێنەی دڕکی خەم ئەکەم
باوەشم بۆ چەپکێ هەتاو واڵ ئەکەم
لە کفنی گۆڕستانی تاری ناو دڵما
چاوی مردن تێر خەو دەکەم


دیوانی ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەڵەو زنار، ل٥


ئەگەر لە روانگەیەکی رەخنەییەوە بڕوانینە ئەم دەقە ئەوا دەڵێین لە ئاستێکی باڵای هونەریدایە جۆرێک لە ستاتیکو پانتاییەک لە شیعریەتی لەخۆگرتوە، هەر لە زمانی شیعریو وێنەی جوانو لادان بگرە تا ئاماژەکان، بەڵام ئێمە لێرەدا لەسەر ئەو بابەتانە نادوێین زیاتر، جەخت لەسەر خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوە بۆ دەقەکە دەکەین. دەقەکە واتایەکی دیار لەخۆ دەگرێت بەوەی باسی جۆرێک لە هزر دەکات بە پرەنسیپ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانو خۆی ئامادە دەکات تا بگات بە مەبەستو رەشبینیو مردن لە دڵی خۆیدا لە گۆڕ دەنێت. بەڵام لە روانگەی پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە ئەمە دوا واتا نییەو دەقەکەیش هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوەو واتای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، چونکە هەریەک لە دالەکان مەدلولی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت. دەتوانین بەپێی پرەنسیپی جیاوازی (الاختلاف) ئاماژەیان پێبدەین.


داسی تیژ، دالە گوزارشت لە واتایەکی فەرهەنگی دەکات، بەڵام لێرەدا دەچێتە چوارچێوەی لادانو خوازە، ئاماژە بە واتای جۆراوجۆر دەکات واتە دەتوانین بڵێین چەندین مەدلولی جیاواز لەخۆدەگرێت، هەروەها خوێنەریش بەپێی باکگراوندی رۆشنبیری خۆی بەپێی کاتو زەمەن دەتوانێت مامەڵەی جیاوازی لەگەڵدا بکات. بۆیە دەتوانین بڵێین:



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شوێن
↓
خاک
↓
ژیان
↓
مردن
↓
بێکۆتایی

هیوا
↓
ئاوات
↓
گەشبینی
↓
سەرکەوتن
↓
شۆڕش
↓
خۆڕاگری
↓
بەرخودان
↓
بێکۆتایی

لێرەدا دەتوانین چەند واتایەکی دیار روونبکەینەوە لەهەمانکاتیشدا دەتوانین هەڵیانبوەشێنیەوەو واتای تر بدەین بە دەقەکە. هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەوروپادا سەری هەڵدا لە بواری هزرو فەلسەفەو ئەدەبدا کاری تێدا کرا، ئەوان زیاتر جەخت لەسەر گۆڕانو جیاوازی دەکەن نەک سەقامگیریی، بە بۆچوونی ئەوان ژیان و هزر لە گۆڕاندایە بەپێی زەمەنو کات بەپێچەوانەوە سەقامگیری مرۆڤایەتی بەرەو بیری وەستاو دەباتو دەڵێن رەنگە ئەم هزرەی ئەمڕۆ سبەینێ لەگەڵیدا نەبین.

لە روانگەی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە کاتێک باسی سەنتەری دەق دەکەن ئەم بیرۆکەیە لە هزر ئایدیۆلۆژیای رۆژئاوادا سەرچاوەی گرتووە کە شتی رەهاو نەگۆڕ نییە ئەم چەمکە هاتووەتە ناو ئەدەبو رەخنەوە کە گوزارشت لەوە دەکات کە دەق لە سەنتەرێکی سەقامگیردا ناگیرسێتەوە، بەڵکو پێویستە دەق سەنتەرێکی سەقامگیری نەبێت، واتە لە جوڵەیەکی جیوەیی دا بێت. بەردەوامی بەواتا بدات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١- هەڵوەشاندنەوەگەرایی میتۆدێکی رەخنەییەو کار لە دژی بۆچوونەکانی بونیادگەرییەکان دەکات، لەپاش بونیادگەرییەوە سەریهەڵداوە.
٢- بە بۆچوونی هەڵوەشاندنەوەگەراییەکان دەق کراوەیەو واتای کۆتایی نییە.
٣- زیاتر جەخت لەسەر تواناو باگراوندی رۆشنبیری خوێنەر دەکەن.
٤- خۆیان بەدوور دەگرن لە سەنتەریزم و بونیادێکی دیاریکراوی دەق. پێیان وایە دەق بەندکراوی سەنتەریزم نییە.
٥- بەپێی بۆچوونەکانیان زۆر لە تیۆری وەرگرتنەوە (نظرية التلقى) نزیکن بەوەی خاڵی هاوبەشیان خوێنەرە.
٦- خاڵی گرنگ بەلای هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە ئەوەیە لەسەر هزری نائامادەی ناو دەق کاردەکەن، بۆ ڕۆچوونە ناو هەموو کەلێن و درزەکانی دەقەوە بۆ دیاریکردنی واتا نەوتراوەکان.
٧- هەڵوەشاندنەوەگەرایی باوەڕی بە فرە خوێندنەوەی دەق هەیە، چونکە خوێنەر دووبارە هەوڵی نووسینەوەی دەق دەدات.
٨- بەپێی پرەنسیپەکانی ئەم میتۆدە کارمان لەسەر هەندێ دەقی شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محمد کردووە.

## سەرچاوەکان


**- کتێبی کوردی:**

١. ئازاد حەمە، بیری پۆست مۆدێرنیزم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢. ئەنوەر قادر محمد، دیوانی زریان و زایەڵەو زنار، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٣. زاهیر لەتیف کەریم (پ.د)، نیان نەوشیروان مەستی (پ.د)، فره خوێندنەوەیی لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتمانمه)ی شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٧.
٤. شێرکۆ بێکەس، دیوانی خێراکه مردن خەریکه بگات، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٣.
٥. لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٤.

**- کتێبی عەرەبی:**

١. اجراه هاشم صالح، حوار مع جاك دريدا، مجلة الفكر العربى المعاصر، العدد (٥٤-٥٥)، ١٩٨٨.
٢. احمد عبدالحليم عطية (د)، جاك دريدا والتفكيك، دار الفارابى، بيروت، لبنان، ٢٠١٠.
٣. ادوارد سعيد، العالم والنص والناقد، عرض فريال غزول فى مجلة فصول المصرية، العدد الاولى، ١٩٨٣، ضمن كتاب مناهج النقد الادبى الحديث، وليد قصاب، دمشق، دارالفكر، ٢٠٠٧.
٤. امبرتو ايكو، القارئ فى الحكاية، ط١، ١٩٩٦.
٥. بشير تاوريت (د)، سامية راجح (د)، فلسفة النقد التفكيكى فى الكتابات النقدية المعاصرة، ط١، عمان، ٢٠٠٨.
٦. جاك دريدا، جيف كولبينتر، بيل مايبلين، اقدم لك، ترجمة حمدى الجابرى، مراجعة واشراف وتقديم امام عبدالفتاح امام/ ط١، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٥.
٧. ديفيد بشبندر، نظرية الادب المعاصر، قراءة الشعر، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، سلسلة الالف كتاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٦.
٨. سمير حجازى (د)، معجم المصطلحات اللغوية والادبية الحديثة.
٩. سمير سعيد حجازى، قاموس مصطلحات النقد والادبى، ط١، قاهرة، ٢٠٠١.
١٠. عبدالله الغذامى، تشريح النص، مقاربات تشريحية لنصوص شعرية معاصرة، ط١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٧.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١١. عبدالملك مرتاض، القراء توفر القراءة، خوض فى إشكالية المفهوم، مجلة علامات، جدة، السعودية، ج١٥، مجلد ١٤، ١٩٩٥.
١٢. عماد حسين محمد (د)، بئار النص، قراءات تفكيكية فى الشعر الحداثى، ط١، القاهرة، ٢٠٠٩.
١٣. فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، الجزائر، ٢٠١٠.
١٤. محمد شبل الكومى (د)، المذاهب النقدية الحديثة مدخل فلسفى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٤.
١٥. مدان ساروبى، دليل تمهيدى الى مابعد البنيوية ومابعد الحداثة، ترجمة خميس بو غراره، منشورات جامعة قسطنطينية، الجزائر، ٢٠٠٣.
١٦. ميخان الرويلى (د)، سعد البازغى (د)، دليل الناقد الادبى، ط٣، المركز الثقافى العربى، دارالبيضاء، ٢٠٠٢.
١٧. وليد قصاب (د)، مناهج النقد الادبى الحديث، ط١، دالر الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

**- کتێبی فارسی:**

١. بابک احمدی، ساختارو تاویل متن، شالودەشکین متن، فصل دوازده، میتافیزیک حضور دریدا، چاپ نهم، کتاب سوم، تهران، ١٣٨٣.
٢. بابک احمدی، ساختارو تاویل متن، چاپ نهم، تهران، ١٣٨٦.

**- گۆڤاری کوردی:**

١. د.عارف حیتۆ، هەڵوەشێنگەری ژ فەلسەفێ بۆ رەخنەیا ویژەیی، گۆڤاری بیاڤ، ژمارە (١٧)، هاوینی ٢٠٠٥.
٢. د.علی طاهر حسین، میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، پانتاییەک بۆ فرە خوێندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٩)، بەشی B، ٢٠١٣.

**- گۆڤاری عەرەبی:**

١. امبرتو ایکو، فى أثر المعرفة الخفية، ترجمة: رعد محمد مهدى، مجله افاق عربية، عدد٤، السنة ١٩٩٢.

**- نامەی ئەکادیمی:**

١. عبدالستار پیرداود حسن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا، لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠١٠.

## ملخص البحث

التفكيكية (Deconstruction) منهج نقدى جذورها أوروبية عملها الحفريات والتشريح داخل النص، هدفها الوصول الى أعماق المعانى المتعددة للنص الادبى. يهتمون بالقارئ كبانى الرئيسى للنص ولديهم وجه نظر خاص يقولون بأن النص مفتوح ليس له معنى نهائى وكذلك يبتعدون عن المركزية فى النص ويهتمون بالمعنى الغائب بدلا عن المعنى الحاضر.
تتكون الدراسة من قسمين:
القسم الاول عبارة عن التعريف، المفهوم والمصطلح مع المبادئ.
القسم الثانى عبارة عن الاجراء التطبيقى وقد إنتقينا نماذج لدى الشعراء، شيركو بيكس، لطيف هلمت، أنور قادر محمد.

## Abstract

Deconstruction is a critical approach, which is originally from Europe. It concerns about the anatomy and unearthing a literary text. This approach's goal is is to reach to the different profound meanings of a literary text. The followers of this approach consider the reader to be the constructor of the text, as well as, in their perspective, they say that a text is open and has no ended meaning. Furthermore, they fade away from the centrality of text and deal with the implicit meaning rather than the explicit meaning.
This study includes two sections; the first is dedicated to the definitions and the terminologies within the discipline. Section two is about the application of the approach to several selections of some poets like Shirko Bekas, Lateef Halmat, and Anwar Qader Ahmad.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)